# پەروەردەی سەقەتی دۆگماتیسم و ئێلیناسیۆن

ڕۆژبین بۆکانی

"پەروەردەی مۆدێڕن وشیارکردنەوەیە، ئاوالا کردنی مێشک و هزری کۆمەڵگایە، چێ کردنی بەرە و جیل و چینێکی ڕووناکبیر و ئاوانگارد و گەشەخوازە بۆ ئەوەی کۆمەڵگایەکی متمانە بە خۆ، زیندوو و دینامیکی لێ بکەوێتەوە. پەروەردەی بەپێز و پڕبەها، کۆمەڵگای ڕەخنەگر و ڕووناکبیری لێ پەیدا دەبێ، وەک «کانت» دەڵێ: ڕووناکبیربوون گوزەری مرۆڤە لە دالانی نابالغی بەرە و کامڵ بوون."

دیاره یەکێ لە نیشانەگەل و کۆدەکانی مۆدێرنیزم، پەروەردە و ڕاهێنان بە شێوەیەکی سەردەمیانە و مودێرنە و سنووری نێوان نەریت و مۆدێرنیتەیە. ئەو بزاڤە، دوو خاڵی گرینگ لە خۆ دەگرێ:

١ خوێندن و پەروەردە و ڕاهێنان، ڕێچکەیەکی نوێباوە چونکە تاک بەرە و دونیایەکی ڕوون و زانستیانە ڕێنمایی دەکا و هانی دەدا دنیای بەرچاوی بە بەرچاوروونییەکی زانستییانە و ئەزموونێکی پاقژەوە وێنا بکات.

٢ پەروەدەی مودێرن ئەو قازانجەی بۆ کۆی کۆمەڵگا هەیە کە پێناسەیەکی باشتر و پۆزیفانەتری بۆ خۆی و گەلەکەی هەبێ و باشتری بە دنیا بناسێنێ، هەوڵ و کۆششی بۆ سەرخستن و گەشە پێدانی هەموو ڕەهەندەکانی پێویستی کۆمەڵگاکەی هەبێ. لەوە گرینگتر پەروەردەی سەردەمیانە، دەبێ ئەو گرینگایەتییەی بۆ خوێندکار بە دیاری هێنابێ کە مێژوو و ڕەسانایەتی و ئۆستوورەی نەوتەوەیی بوونی باشتر و زانستیانە ئانالیز بکات، وزەیەک بێ بۆ ئەوەی کەلتوور و ستراکچێری نەتەوایەتییەکەی بە شێوازێکی سەردەمیانە بە دونیای گلۆباڵ بناسێنێ.

پەروەردەی مۆدێرن وشیارکردنەوەیە، ئاوالا کردنی مێشک و هزری کۆمەڵگایە، چێ کردنی بەرە و جیل و چینێکی ڕووناکبیر و ئاوانگارد و گەشەخوازە بۆ ئەوەی کۆمەڵگایەکی متمانە بە خۆ، زیندوو و دینامیکی لێ بکەوێتەوە. پەروەردەی بەپێز و پڕبەها، کۆمەڵگای ڕەخنەگر و ڕووناکبیری لێ پەیدا دەبێ، وەک «کانت» دەڵێ: ڕووناکبیربوون گوزەری مرۆڤە لە داڵانی ناباڵغی بەرە و کامڵ بوون.

فێرکاری وپەروەردە، هەر لە سەردەمانی وشیاریی مرۆڤەوە هەبوون، لە کەڵک وەرگرتن لە کەرەسە و ئەمرازی جۆراوجۆر و پێویستی ڕۆژانەی مرۆڤەوە بگرە هەتا خۆپێگەیاندن و ڕاقەی ڕەهەندەکان و کەلێنەکانی ژیانی ئیکۆسیستمی گۆی زەوی و هەموو جیهانی کەونارا.

مرۆڤایەتی بۆیە پەروەردەی وەک بزاڤێکی جودا و تەوەرێکی سەرەکی پێناسە کردووە، تاکوو هەنگاوی بەرەو پێشکەوتن و گەشە و نەشەی لێ بکەوێتەوە. لە ڕاستیدا بە درێژاییی مێژووی تەمەنی مرۆڤایەتی، هەموو هەوڵ و تێکۆشانی بۆ دوو دەسکەوتی سەرەکی بوە؛

یەکەم: کەڵکئاژۆ وەرگرتنی باشتر لە کات و زەمان، واتا بە فیڕۆ نەدانی چرکەکانی تەمەن.

دووهەم: بە پێی ئاوەز و هۆش و زەینی مرۆڤ، هەوڵێکە بۆ دەستەبەرکردنی کەرستە و پێداویستیی نوێ و باشتری ژیان، واتا ئاسایش و تەناهی و ڕاحەتتر کردنی ژین و زەین.

پەروەردە، بناغەی قورس و قایمی هەر وڵات و نەتەوەیەکە بۆ دارشتنی گەلاڵەی تۆکمە و مۆدێرن، تاکوو بنەما سەرکی و بنەڕەتییەکانی لەسەر دابڕێژرێ. هەر وڵاتێک کە مکوڕ بێ بۆ گۆڕینی بیچمی وڵاتەکەی، دەبێ بەها و سەنگینی بە پەروەردە بدا، لە واقیعدا دەبێ شۆڕشێکی کۆپێرنیکی بخوڵقێنێ. سەنگاپوور و کۆریای باشوور باشترین نموونەی ئەو باسەن. ژان ژاک ڕۆسۆ بیرمەندی سەدەی هەژدەی زایینی، گەرچی یەکێ لە ڕەخنەگرانی قوتابخانەی مۆدێرنیتەشە، باوڕی وایە، مرۆڤ بۆ خۆی بە شێوەیەکی سروشتی پاک و بێگەردە و ئەوە پەروەردەیە دەیگۆڕێ، واتا کۆمەڵگا ئەگەر پەروەردەیەکی سەقەتی بە سەرەوە حاکم بێ، بێ شک پرەنسیپەکانی دەبێتە ئانارشیزم. هەر وەها ڕۆسۆ لە سەر ئەو باوەڕبوو: منداڵ گرینگترە لە مژاری وانە و دەرسودەوری قوتابخانە. ئەو تیئۆرییە شۆڕشێکی کۆپێرنیکیی مەزن بوو لە بواری پەروەردە و بارهێناندا. مەزنایەتیی ژان ژاک ڕۆسۆ پاشخانێکی ئەوندە بە هێزی هەبوو، باندۆڕ و ڕەنگ دانەوەیەکی قووڵیشی لە سەر شۆڕشە مەزنەکەی فەڕانسەش دانا.

لە دارێژەی دەسەڵاتە توتالیتێر و پەساتوتالیتێرەکانی وەک ئەمڕۆی ئێراندا، هەموو پێناسە و خاڵە بەرچاو و فاکتە سەرکییەکانی

ملهوڕان و دیکتاتۆرەکانی پێشووتری دنیای لە نێوئاخنی نیزامەکەی خۆیدا جێگیر کردووە و لە تانوپۆی دامودەزگا سەرکوتکەرەکانیدا سیستماتیکی کردووە، دیارە پرۆسەی پەروەردە و ڕاهێنانیش بە ئاقاری قازانجی ئیدیئۆلۆژیکیی خۆیدا گەلاڵە دەکات.

لە مۆرفۆلۆژیی سیستمێکی ئۆپۆرتۆنیزم/کلۆنیالیزمی ئێرانیدا، سانتراڵیزمی و سانترالیزم تەوەری پێکهاتەی سەرەکی و بنەڕەتیی وەها دەسەڵاتێکی فەناتیکە. بە لێکدانەوەیەکی مەیدانی و کۆمەڵایەتی، باشتر ئەو گەلاڵەیەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە. لە ئێرانی ناوەندخۆازدا، هەموو خواست و شتگەلێک لە قەوارەی ناوەندا ڕەنگدەداتەوە. ئەو فکر و ئایدیایە پاشخانێکی مێژوویی لە پشتە؛ هەر چەندە لەم سەدەی بیستەدا مکوورتر بوون لەوەی زیاتر و خێراتر بەهای پێ بدرێ. لە کۆمەڵگای فرە چەشنی و فرە ئیتنیکی جوغرافیای ئێرانیدا ئەو تیئۆرییە ڕاسیزمییە باشتر پەرە پێ دەدەن، ئەویش لە ڕێگای پەروەردە و قوتابخانە و دەرس و دەوردا. ئەم فکرە ناوندتەوەرەیە ڕێگا بە کولۆنیالیزم دەدا هەموو ڕەهەندەکانی ژیانی ئاساییی کۆمەڵگا بەرەو ناوەند ڕێنوێنی بکات. دەسەڵاتی پاوانخوازی تاکڕەهەند لە قوتابخانەدا بە چڕی جەخت لە سەر ئەو ئایدیایە دەکاتەوە و گەلاڵە و پەکەیجی یاساییی ڕەنگاوڕەنگی بۆ دادەڕێژێ و ناوەند وەک خودا و خواڵەیەک دەستنیشان و پێناسە دەکات. ناوەند گەورەیە، زمانی ناوەند پیرۆزە و هەرکەسێک بە باشی بە زمانی ناوەند قسە بکات مرۆڤێکی شارستانییە و بۆ ئەوەی خۆت زۆر پێشکەوتوو نیشان بدەی دەبێ زمانی ناوەند واتا فارسی بە باشی و بە بێ «لەهجە» بزانی. چونکە ئەو زمانە هێمایە، بیچمە، تووتمی پێناسەیی و پێشکەوتنخوازییە. لەوە سەیرتر دەبێ باقی ئیتنیکەکانی جۆغرافیای ئێرانی هەوڵ بدەن بۆ دەوڵەمەند کردنی زمانی کلۆنیالیزمی ناوەند خواز. چونکە زمانی ئیداری و دەسەڵاتە، زمانی سەرکوتە، کوتکی سەرکوتی زمانە زیندووەکانی نەتەوەکانی دیکەیە. ئەو تیۆرییە سەقەتەی توتالیتاریزمی مەزهەبی، نە تەنیا دەسەڵاتداران و ڕامیاریستەکان بەڵکوو لە تانوپۆی کۆمەڵگای ئێرانی و بەرەی بەناو ڕووناک بیردا ڕیشەی داکوتاوە و هەتا دێ زیاتر تەشەنە دەستێنێ و لە سایەی بەناو ڕۆشنبیری فارسیزمەوە ڕەگاژۆ دەکا. چونکە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ جەوهەرەی ئەو فکر و ئایدیایە دووپاتە و چەند پاتە دەبێتەوە. ناوەند تەوەری و سانتراڵی بوون لە جوغرافیای شاری و دامەزراوەی شارنشینیشدا پێڕەو کراوە، بە ڕوانینێکی وردبینانە و ئانالیز کردنی ستراکچێری شارنشینیی ئێرانیدا دەبینین هەموو دامودەزگا و پێداویستییە سەرەکی و ئیدارییەکان، لە ناوەندی شارەکاندا جێگیر کراون و بە سیاسەتێکی کوشەندە و ڕۆح تەزێن، مرۆڤ مەجبور دەکەن بە فکر و بە پراکتیک ڕووی لە ناوەندی شارەکان بێ و وا بە گوێی زەین و ئەندێشەی تاکی کۆمەڵگادا خوێندراوە کە شارستانییەت و مەدەنی بوون، بەو مانایەیە کە هەنگاو بە هەنگاو لە ناوەند و نێوەڕاستی شار نزیک ببیتەوە بۆ ئەوەی کار و ئەرک و پێداویستی ژیانت باشتر و ئاسانتر بۆ ڕابپەڕێ. چونکە پێداویستی و کەرەسەی پێویست و ناوەندە ئیدارییەکانیش زۆرتر لە ناوەندی شار جێگیر کراون. هەر ئەو فکرەیە دەبێتە هۆی ئەوەی بێ ئەوەی تاک هەستی پێ بکات ناوەندی دەسەڵات لە پێتەختدا ببینێتەوە و پێتەخت بە مەکۆی ژیان و پێشکەوتن بزانێ. هەر بەو بنەمافکرییەوە دەسەڵات زۆربەی هەوڵ و کۆششی بۆ ئەوەیە تاران وەک مەکۆی سەرەکیی ژیان چاو لێ بکردرێ. هەر بۆیە تاران لە باری ئابووری و ڕامیاری و زانست و ئاکادمیکیشەوە قسەی یەکەم دەکات، ئەنجامی ئەو گوتارە ئاگۆئیسمییە، ڕاکێشانی هێز و توانایی وهاوردە کردنی سەروەت و دارایی باقی ناوچەکانە بۆ تاران. ئەوە بیچم و سیاسەتی دەسەڵاتدارانی پاسیڤ و فەناتیکە. دەنا لە وڵاتانی ڕاسیۆنالیست و دێموکراتخوازدا چۆنکە

دێســـانتراڵیزەن، دەبینین سەروەت و دەسەڵات بـــۆ هەموو ناوچە و شـــوێنێک بـــە ئایدیایەکی پلۆرالیســـمییەوە پراکتیزە ودابـــەش کراوە، بۆ نموونـــە لە بـــاری ئابوورییەوە تەنیـــا پێتەختی وڵات دەســـەڵاتی گەورەی ئابووریی پێ نەبڕاوە و زۆربـــەی شـــارەکانی دوور و نزیک لەو خوانە بەهرەمەند بوون.

لـــە پاتۆلۆژیـــی سیاســـەتی ئێرانچییەتیدا، ئیتنیکەکانی دیکەی جوغرافی ئێرانی خەساری گەورەیان لێ کەوتووە و لێ دەکەوێتەوە وەک:

**١** گەلـــی فـــارس خـــۆی لـــە جوغرافیایەکدا نیشـــتەجێیە کە زۆربەی خـــاک و ناوچەکانی وشکەڕۆ و بیابانە و بە پێی سروشتی ناوچەکەی کۆمەڵگایەکـــی بەکاربـــەر و مەســـرەفگەرایە و بژێـــوی خۆی زۆرتر لە بەرهەم و دەســـترەنجی ئیتنیکەکانی دیکەوە پەیدا دەکات. ئەو نەتەوانەی کە شعووری ئێرانی/فارسی پێیان دەڵێ «لۆکاڵی». بەڵام نەتەوەیەکی وەک کورد کە زاگرۆس نشینە و بە پێی سروشت وهەڵکەوتەی ژینگەیی بوونی، بەرهـــەم هێنەرە و هەر لـــە کەوناراوە خۆبژێو و دینامیک بـــووە، کۆمەڵگایەکـــی بەرهەمهێنەرە چونکە لـــە بـــاری ئابوورییەوە ســـەربەخۆیە و پێویستییەکی ئەوتۆی بە لایەنی دەرەکی نییە، دیارە ئەو جۆرە کۆمەڵگایانە لە باری فکریشـــەوە خاوەن ئەندێشەیەکی سەربەخۆخوازن.

**٢** ئۆتۆریتـــەی توتالیتێرتەوەر بـــۆ ئەوەی باقی ئیتنیکەکانی دیکەی پەراوێز خراوی دەســـەڵات بێنێتـــە ژێـــر هێژمۆنیـــی تێئۆکراتیکی خۆی، هەوڵ ئەدا بۆ شـــێواندنی دیسیپلینی کۆمەڵگای بەرهەمهێنـــەر. ئەویش لە دوو ڕێـــگاوە هەوڵی چڕی بۆ دەدرێ. پەروەردەی سەقەت ـ تێکدانی سەرچاوەی بژێو و بەرهەمهێنان واتا گوندەکان.

## پەروەردەی سەقەت

پـــەروەردەی ئێرانـــی وەک هەموو پرەنســـیپ و یاســـاکانی وڵات پرۆســـەیەکە لـــە ســـەرەوە یان لە باڵادەســـتەوە بەرە و خـــواری دەڕوانێ، واتـــا ڕوانگەیەکی ئاغـــا و ڕەعیەتی، گەورەیی و بچووکی، ڕوانگەیەکی زۆردار بەرە و ژێردەست. لە میتۆدی وەها سیســـتمێکدا ئەوەی ڕەچاو نەکراوە کەسایەتیی منداڵە، هەر وەها بە دەستی ئەنقەســـت و زۆر فێڵبازانـــە هیـــچ بەهایەک بۆ زمانەکانی دیکە قایل نەبوون و هەموو سەنگینی و قورســـاییەکیان بۆ زمانی فارسی داناوە، واتا ئەو سیاسەتەی پەهلەوی و ڕژاشایان پاراستووە و گـــەرای تێئۆکراتیـــک بوونیشـــیان پێ زیاد کردووە. واتا: یەک زمان، یەک ڕێنووس و یەک نە تەوە. ڕوانینی باڵادەستانە بۆ منداڵ و قوتابی، کەســـایەتییەکی گوێ لە مست و ملکەچی لێ دەکەوێتەوە. محەممەدی بەهمەن بەیگی، گەورە مامۆســـتا و باوکی پەروەردەی مۆدێرنی ڕەوەند و کۆچەریانـــە دەڵێ: «ئەگەر لە سیســـتمێکی پـــەروەردەدا «بوێری» لە منـــداڵ جیا بکرێتەوە، لـــە داهاتـــوودا مرۆڤێکی ترســـەنۆک و قزەون، پاســـیڤ و گوێ لە مستی لێ دەردێت». ڕاست ئەو ئامانجەیە کە ڕێژیم مەبەســـتیەتی. چونکە دروشمی سەرەکیی دەسەڵاتی پاوانخواز ئەوەیە « ئێمە دەروەســـت و تەعەهودمان گەرەکە نەک پسپۆڕ». لە پەروەردەیەکی سەقەتدا کە بکەری» دەبـــێ و نابێ» ڕۆڵـــی ســـەرەکی و گرینگیان لـــە قوتابخانـــە و دەرس و وانـــەدا هەیە و هیچ ئـــەرزش و بەهایەک بۆ کلتـــووری بنەماڵەییی قوتابی دانەنراوە و تەنیا و تەنیا مەزهەب/شیعە هەموو فاکت و دیسکۆرسەکانی خوێندنی قەبزە کردووە، دیارە منداڵ لە کلتووری خۆی دڕدۆنگ دەبێ و هەموو بنەما ڕەسەن و نەتەوایەتییەکانی لە پشـــت درگای قوتابخانە لێ دەســـتێندرێ. نامۆیی و ئێلیناسیۆن، دەبێتە دۆڵپای سەرشانی و بە هـــۆی هەبوونی دوو کلتـــووری بنەماڵە و لە لایەکـــی تریشـــەوە کلتووری پـــەروەردەی سەقەت، گیردۆەی نەخۆشیی پارادۆکس و دوو جەمسەری دەبێ، واتا « درۆ» .

مەبەستی سەرەکیی ئەو پەروەردەیە ئەوەیە تـــاک بکاتە مۆرە، یانی دەســـتەمۆ بوون بە بێ دەربڕینـــی هیچ نارەزایەتییـــەک. کاک دوکتور قاســـملوو لـــە مێـــژە وتوویەتی : مـــرۆڤ نابێ

بیێته مۆره. چونکه کەسایەتی و پرستیژی دەچڕژێ. لە وەها دۆخێکدا کە مرۆڤ بوو بە مۆره، زۆر بە هاسانی ئینگیزاسیۆن دەکرێ و دەبێتە کەسایەتییەکی قالۆر ئاسای بێ ئیرادە و پێڕەوکەی ئیلیناسیۆن.

پەروەردەی ئێرانی بە شێوەی مۆدێرنیزم لە دامەزراندنی «دارولفنوون»ەوە دەستی پێ کرد. لەو سەردەمەوە هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێ ئەو سیاسەت و گوتارە پێڕەو کراوە و هەر بە دەهۆڵ و زۆرنای ئەو وەخت دەیکوتنەوە. سیاسەتی دارولفنوونیزم لەسەر ئەو بنەمایە بوو کە بەهایان زۆرتر دابوو بە زانستە فەننییەکان، وەک پزیشکی، ئەندازیاری و. . . . زانستە مرۆیی و فەلسەفییەکان پاشکۆ بوون. ئێستا کە توتالیتێر/ کلۆنیالیزمی تێئۆکرات حاکمە، زۆر لەو سەردەم خراپترە و هەر بە دەستووری ڕاستەوخۆی خامنەیی زانستە مرۆیی و ئینسانییەکان بە زۆری و بە ئەنقەست دەکرێتە زانستی دینی و ئیسلامی و لە قورسایی و بەهای ئەو زانستانە کەم دەکەنەوە و خیز دەڕژێننە بەر پێیان، چونکە دەزانن زانستی سیاسی و مرۆیی و نێونەتەوەیی و. . . دەبێتە هۆی چاوکراوەیی کۆمەڵگا و گەلێکی دینامیک و دیسانترالیزەی لێ دەکەوێتەوە.

پائۆلۆ فرەیەرە، بیرمەند و ڕەخنەگری پڕ ئەزموونی برازیلی لە سەر ئەو باوڕەیە: پەروەردە دەبێ کۆمەڵگا وەگەڕ بخات. ئەو پێی وا بوو ئەگەر قەرار بێ گەشە و پێشکەوتنێک بێتە ئاراوە، دەبێ گەشەی بیر و هزر بێ. گۆڕانکاریی ڕوانگە و بۆچوونەکان بێ و لە ئاکامدا پەروەردە دەبێ کۆمەڵگایەکی ڕەخنەگر و پڕ پرسیار بخوڵقێنێ. بە بۆچوونی فرەیەرە سیستەمی سەرکەوتووی پەروەردە دەبێ لە دوو چەمک بەهرەوەند بێ: ڕاهێنەرانی ئاوانگارد ـ پێداگوژی تەحلیلی و ڕەخنەگرانە. مەبەست لە پێداگوژی ڕەخنەییانە، دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی دێموکراسیخوازی پلۆرالیست/سکۆلاریستە. وتوویژ و دیالۆگی نێوان مامۆستا و قوتابییە بە لێکدانەوە و دیالێکتیکێکی ڕەخنەگرانە بۆ چێ کردن و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی بەرابەر و چەسپاندنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی. لەو پرۆسێسە پەروەردەییەدا بەرابەریی گروپ و نیژاد و ئیتنیکەکان لە بەر چاو گیراوە.

پەروەردەی سەقەت تەنیا بە گەشەی زانستە فەننی و ئەزموونتەوەرەکان، کۆمەڵگایەکی گەشە کردووی لێ ناکەوێتەوە. هەموو لە بیرمانە لە ساڵانی ڕابردوودا فیلیپین و وڵاتی هێند لە بەر زۆربوونی پزیشک هەناردەی ئێران وباقی وڵاتانیان دەکردن، ئێستاش وڵاتی کووبا پزیشک هەناردەی دەرەوەی وڵات دەکات. ئەوە لە حاڵێکدایە ئەو وڵاتانە لە زۆر بوار و ڕەهەندەکانی دیکەی ژیان و کۆمەڵگادا پێشکەوتنێکی ئەوتۆ و گەشە کردوویان بە خۆیانەوە نەدیوە و پێویستییان بە کەرەسە و زانستی وڵاتانی گەشەکردووی دیکە هەیە. سەردەمانێک وڵاتی یەکیەتیی سۆڤییەت بە هۆی ئیدیئۆلۆژیکی تاک ڕەهەندی و داخراوی سۆسیالیستی، ئەو وڵاتانەی وا لە چوارچێوەی جۆغرافیای سیاسیی خۆیدا بوون وەک ئازەربایجان و قەزاقستان و ئۆزبەکستان و.... هەر وڵاتەو لە بوارێکی ئابووریدا لە گەشە کردندا بوون و نەیدەویست و نەیدەهێشت لە هەموو بوارەکاندا گەشەی ئابووریی هەمە لایەنەیان هەبێ، تاکوو بە ئاسانی بتوانێ ئابوورییەکەیان بە بەستراوەیی وکۆمپرادۆری ڕابگرێ. ئێستاشی لە گەڵدابێ ئەو وڵاتانە کەم تا زۆرێک ڕوو لە مۆسکۆ دەکەن. ئەو قەیرانە دوو هۆکار لە خۆ دەگرێ:

١ کاتی خۆی سیاسەتی پەروەردەی دیکتاتۆری پرۆلتاریا، ڕێگریی دەکرد لە گەشەی زمانی و کلتووریی وڵاتانی پاشکۆ و ئیتنیکە جیاوازەکان، ئەوەی گرینگ و پڕبەها بوو زمانی ڕووسی و کلتوور و ستراکچێری گشتیی ڕووسی بوو. هەر بۆیە ئەو وڵاتە پاشکۆیانە، دوای سەربەخۆییش ئەلف و بێی پەروەردە و خوێندنگاکانیان هەر ڕێنووسی ڕووسییە.

**٢** مەبەســت لە تاکڕەهەندیی ئابووریی وڵاتانی پاشــکۆ و ژێردەســتە ئەوە بوو تاکوو ئاســتی ئابووری و گەشەی گشتیی ئەوان نەگاتە ئاستی وڵاتی ڕووس و هەمیشە چاو لە ژێری ڕووسییە بن و حەوجێ و نیازیان هەر بە مۆسکۆ بێ.

ئێســتاش لــە ئێرانــی فەندەمینتاڵــی منۆلۆگتــەوەردا، چی زۆرە دوکتۆر و پزیشــک، یانــی سیســتەمی پــەروەردەی زاڵــی ئێرانی ســتراتێژییەکەی وا دارشــتووە تاکوو کۆمەڵگا لە بواری پزیشــکی ــ نەک دەرمانسازی ــ دا، لەچاو وڵاتانی دەوروبەر پێشکەوتنێکی باشتری هەبێ، بەڵام ســەبارەت بە زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆیییــەکان، نە تەنیا گەشــە کردوو نەبووە، بەڵکوو لە ئاســتێکی هەرە نزمیشدا بوە. زۆرجار دیومانە ڕێبەری کۆماری ئیســلامی، ڕاشکاوانە لــە ڕاگەیەنــە گشــتییەکاندا کوتویەتی ئێمە پێویســتییەکی ئەوتۆمان بە زانســتی ئینسانی نییــە چونکــە دژایەتیی لەگــەڵ بۆچوونەکانی ئایینی ئیسلام هەیە. هەر بۆیە دەبینین زۆربەی ســەرچاوە و ژێــدەری ئەو لقــە ئاکادمیکییانە بە بــاری فەلســەفەی ئیسلامی/شــیعەگەریدا دەشکێتەوە.

کاتێ چــاو لە داڕێژەی پەروەردەی کۆماری ئیسلامی دەکەین، دەبینین ستراتێژیی پەروەردە، هەر لە سەرەتای چوونە قوتابخانەوە بۆ تاکزمانی و تاکنەتەوەیــی داڕێــژراوە و نەتــەوەی فارس ئاغایــە و باقی ئێتنیکەکانی ئێران پەراوێزخراون و حیســابی تمەن و دوو شاییشــیان بۆ ناکرێ. منداڵی بەستەزمانی کورد کە بە کلتوور و زمانی کوردی گۆچ کراوە و ڕاهاتووە، هەرکە پێی نایە قوتابخانە، زمان و مێتۆدێکی نامۆی پەروەردە بە گوێیدا دەئاخنرێ. سەرلە بەری کتێبی قوتابخانە ســەرەتاییەکان چاو لێ بکەی، سەداســەد لە خزمەتی زمان و پەروەردەی فارســی بوون دایە و ئوســتوورە و ســێلێبرێتییەکانی، کەسایەتیی ئێرانی و بەرەگەز فارســن. بە گشتی دەتوانین بڵێین قوتابخانەکانی وڵات، سیاســەتێکی تەواو ڕاسیســمیی ئینگیزاســیۆن تەوەریان بە سەردا حاکمە. ئاکامی ئەو سیاســەتە بــۆ ئاڵۆز کردن مێشــکی منداڵانە. منــداڵان عومرێــک زمان و کلتوورێکــی جیاوازیــان پــێ دەخوێندرێ، کلتوورێک کە بۆی بوونەتە شــایەر و پەیتاپەیتا بــە باڵایــدا دەخوێنــدرێ، جــار جارەیەکیش ئاماژەیەکــی ســەقەت و نامــۆ بــە کلتووری خوێندکاری دوو زمانە دەکرێ، بە جۆرێک باسی کلتوور و نەریتی کورد دەکرێ تاکوو منداڵ لێی ببێــزرێ و دابونەریتی زمانی زاڵی پێ ڕەســەن بێ و لەخۆنامۆ و دردۆنگ بێ و بەرەو هەڵدێری ئێلیناســیۆن هەنگاو بنــێ. وەک باقیی کردار و سیاسەتە دوگمەکانی ڕێژیم، پەروەردەی فەرمیی وڵات، پڕۆپاگەندەی ئیدیئۆلۆگی متافیزیکییە و لە گەڵ واقیع و ڕاستییەکانی ژیان پارادۆکسە و زۆر لێک جیاوازن.

ســتراتێژیی پــەروەردە و سیاســەتی قوتابخانەکانــی ئێــران هــەر وەک ئۆتۆریتەی حاکمانی ســەرەڕۆی تارانە، یانی منداڵ گوێگرە و مامۆســتاش وەک حاکمێک دەســتووردەر و وێژەرە. بە گشتی پەروەردەی ئێرانی، سوڵتەتەوەر و فەرمانبەرتەوەرە. بەڵام لە ئەساســدا قوتابخانە دەبێ دیالۆگتەوەر بێ. سیستەمی فەرمانبەرتەوەر دەبێتە هۆی ئەوەی منال لە داهاتوودا مرۆڤێکی سەرنخوون یان دەسەڵات ســەپێن و دیکتاتۆر بێ، وەک دەگوترێ: هــەر دیکتاتۆرێکی زاڵم و زۆردار، ســەردەمانێک ژێردەستە و ژێرچەپۆکە بووە.

ژان ژاک ڕۆســۆ لە کتێبی «ئێمیل»دا باس لە ئەوین و خۆشەویستی دەکا و دەڵێ: « ئەرکی پەروەردە ئەوین و خۆشەویســتی و پەرە پێدانی بەزەیی و دڵســۆزییە». هەروەها ڕۆســۆدەڵێ: « خاڵــی گرینگ ئەوەیە با قوتابی نەبەســترێتەوە بە فکر و ئەندێشــەی هیچ کەسێکەوە. « یانی با کەس بە جێگای ئەو بیرنەکاتەوە و بۆخۆی فکر وئەندێشــەی بخاتە گەڕ، ئەوە نیشانەی ئازادیی دەربڕینە. مەبەســتی ڕۆســۆ ئەوەیە بێجگە لە پســپۆڕانی پەروەرردە و بارهێنان، هیچ لایەن و کەسانێکی دیکە بۆیان نییە دەست لە کاروباری

پەروەردەدا وەربدەن تاکوو پەروەردە بەرە و ئانارشیزم نەڕوات. لە پڕۆسەی پەروەردەی ئیسلامی/ئێرانیدا ئەوە «حەراسەت و سپا»یە بڕیاردەری سەرەکیی پەروەردەیە و وەک باقیی نەهاد و دامەزراوەکانی وڵات، دەبێ ڕێڕەوی پەروەردە بەرەو ملکەچی بۆ «ویلاتی فەقێ» هەنگاو هەڵێنێ و بە ئاراستەی فەندەمینتالیسمی ئیسلامیدا ڕێچکە بپێچێ.

## گوندەکان

لە وڵاتێکی وەک کوردستان بە درێژاییی مێژووە کەوناراکەی ئابوورییەکەی لەسەر دوو کۆڵەکە بنیاد نراوە، ئاژەڵداری و وەرزێری. ئێستاشی لەگەڵدا بێ، ئەو دوو چەمکە ڕۆڵی زۆر گەورەیان لەسەر ئابووریی کورد هەیە. ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی حاکم بە سەر ئێراندا، یەکێ لە سیاسەتە شۆوێنیستییەکانیان زەبر وەشاندن لە ئابووری و ژێرخانی کوردەواری بووە. بە دوای ڕووخانی قاجارەکان وهاتنە سەرکاری پەهلەویی یەکەمدا، دەست کرا بە پراکتیزە کردنی پلانی پیلانی شۆوێنیزمی یەک زمان/یەک نەتەوە. بۆ کەم کردنەوەی باری کلتووری/ئابووری و لاواز کردنی ئاستی هێز و وزەی گوند و خێڵەکان، پڕۆسەیەک دەستی پێ کرد کە لە سەردەمی ڕزاشاوە ستارتی لێدراوە و هەتا ئەوڕۆش هەر درێژەی هەیە. ئەو پڕۆسە نگریسە، کلۆنیالیستییە خاوەن سێ بەشە و هەرکام لەوانە پاژێکن لە ئێپیزۆتێکی ڕەشی هاوشان و هاوبەش:

**١** ڕزاشای پەهلەوی عێل وعەشیرەکانی بێ دەسەڵات کرد، بە شێوەیەک کە لە دوای ئەو سەرکوت کردنە ناجوامێرانەیەدا، ئیدی نەبوونە مەترسی بۆ سەر حکوومەتی ناوەندی.

**٢** محەمەدڕەزاشا، واتا پەهلەویی دووهەم دەسەڵاتی خاوەن زەوییەکانی تا ئاستێکی زۆر کەم کردەوە و چاکسازیی ئەرزیی دەست پێ کرد. لە ڕواڵەتدا زەوی بەسەر چینی بێ بەش و وەرزێردا دابەش کرا، بەڵام لە ڕاستیدا هێنانە خواری ئاستی دەسەڵاتی بەرهەمهێنەران بوو کە وردە وردە بووە هۆی کۆچ و کۆچبار بۆ شارەکان و زیاد بوونی چینی پەراوێز نشینی شارە گەورەکان .

**٣** یەکێ لە سیاسەتە شۆوێنیستییەکانی کوماری توتالیتێری ئیسلامی، وێران کردنی گوند و دێهاتەکانە، بە واتایەکی ڕوونتر، کامڵ کردنی پڕۆسەی ڕەشی پەهلەوییەکان کە ئێستا ئاخوندەکان بوونەتە ئالتێرناتیو و جێگرەوەی ئەو دەسەڵاتانە.

وێران کردن و خاشەبڕکردنی گوند و ناوچەکانی وەرزێریی کوردستان لە ژێر سیاسەتی ئاخوندیزمدا ئەو مەبەستانەی لە پشتە:

**١** وەک پێشتر باس کرا کۆمەڵگای بەکاربەر، خۆپارێز و دوورە پەرێزە. خۆ لە قەرەی شوێنێک نادات کە بە حاڵ بۆنی ترس و دڵەڕاوکێی لێ بێ. وەختایەکی گوندێک وێران دەکرێ و دانیشتوانەکانی ئاوارە دەبن و لە کۆمەڵگایەکی بەرهەمهێنەرەوە دەکەونە داوێنی کۆمەڵگایەکی بەکاربەر. لە وەها دۆخێکی نەخوازراودا، کەسایەتییەکی دارماوی هیوابڕاوی چاولەدەس دەمێنێتەوە، بۆ نموونە کاتێ سەددام پتر لە ٤٥٠٠ گوندی کوردستانی باشووری وێران کرد، یانی سەرچاوەی بژێو و بەرهەمهێنەری وڵاتێکی لەناو برد، ئەو کرداره وەها زەبرێکی لە هێزی پێشمەرگەی باشوور وەشاند کە توانایییەکی پراکتیکیی ئەوتۆیان بۆ نەمابوو، چونکە شوێنی حەوانەوە و بژێویان تێکدرابوو. کاتی شەڕی عێراق و کوەیەت کە سەدام تەواو لاواز بوو، ئیدی هێزی گەل پشوویەکی هاتەوە بەر خۆی.

**٢** بە گشتی کاول کردنی گوندەکان و کۆچ پێ کردنیان بەرەو شارەکان، دەبێتە هۆی ئەوەی خسڵەتی مرۆڤەکانیش بەرەو خۆپارێزی و کۆنسێرواتیزم بوون بگۆڕدرێ و ئیدی یاخی بوون و تەواو ملکەچ نەبوون بۆ هەموو جۆرە یاسا و ڕێسایەکی حوکمی کەمرەنگ دەبێتەوە.

**٣** ئەم خاڵە لە هەر دوو خاڵەکەی دیکە گرینگترە، کاتێ گوند وێران دەکرێ زمان ئازاری بەردەکەوێ، کلتوور خەوشدار دەبێ، چونکە

ئیشـــی گوندی دەبێ کاری پێ بکرێ هەتاکوو ناوی کەرەسە و شوناسی کلتووری گوندی بوون بپارێزرێ. ویران کردنی گوند شـێواندنی زمانە، مردنی وشە و ئیدیۆمی ڕەسەنی کوردییە. مردنی حەقایەت و سـەربوردە و چیرۆک و دابونەریتی گەلێکە.

پەروەردەی سـەقەت و ویرانی و کاولکاریی گوندەکان، دوو سەری مارێکن بۆ زەبر وەشاندن لە کلتوور و ژێرخانی زمانەوانیی گەلی کورد کە ڕاگەیەنە گشـتیەکانیش هاوکاری تۆکمەیانن و قەراغیان بۆ تێ دەکاتەوە.

دەیان و سـەدان سـاڵە لە گوتاری فارسدا تەرکیز و جەخت لە سەر دوو خاڵ دەکەنەوە:

**١** یەکەمیان برایەتیی ئێرانییەکانە. بە درێژاییی مێژوو دەسـەڵات لە دەستی گەلی فارسدا بووە و باقی ئیتنیکـەکان نەتەنیا بـە براچکۆلەش چاویان لێ نەکراوە بەڵکوو بە کۆیلە و خزمەتکار سـەیر کراون، ئەوە قسـەیەکی ئاسایی نییە و باگراوەندێکـی دێرینی لە پشـتە. لە ناو هەموو ئتنیکەکانی ئێراندا کورد مەترسیدارترین کەیسە بۆ دەسـەڵاتی سـانتراڵخوازی تاران، هەر بۆیە زۆرجـار باس لە خزمایەتیـی زمانەوانیی کورد و فارس دەکرێ، بـە داخەوە هێندێک جاریش ڕووناکبیرانی کـورد کەوتوونەتە داوی زەلکاوی ئەو بۆچوونە ئۆپۆرتونیستییانە، وەک لە پێشەکیی کتێبی «کورد و کوردستان: واسیلی نیکیتین»دا هاتووە و وەرگێڕ ئاواتەخوازە بەشەکانی دیکەی کوردستان بلکێندرێن بە خاکی ئێرانەوە، چونکە وەرگێڕ پێی وایە کورد لە تەک تورک و عارەبدا هیچ پێوەندییەکی کلتووری و زمانی و ڕەگەزیی نییە بەڵام لە گەڵ فارسـدا هاوڕەگەزن! لە باری زمانـی و کلتووریـیەوە، خزمایەتیـی نزیک و دێرینیان پێکەوە هەیە! وەلی لە ئەسـاس و ڕاسـتیدا کورد چەندە لەگـەڵ تورک و عارەبدا خزمایەتیی هەیە، هـەر ئەوندەش برا و خزمی فارسەکانە. ئەو ژێردەستەییە دێرین و پەروەردە سەقەتە، ئینگیزاسیۆن تەوەرە کە مێشکی مرۆڤی کورد دەشواتەوە و بە جێگای ئەوەی بەرپەرەچی ئەو گوتارە سـاختانە بداتـەوە، بۆ خۆی دەبێتە داڵدە دەری ئەو ڕاسیزم تەوەرییە.

**٢** فارس وەک نەتەوە دەستنیشـان دەکرێ و کورد و دیتران وەک قەوم! هەتاکوو ئێستا کەم واهەیە لـە یەک ڕاگەنـدراوی ناوخۆ و دەرەوە ئەمـە نەکرێ. تەنـات ئۆپۆزیسـیۆنی دژبەری ڕژیمیـش، ئەو چەمکە شۆوێنیسـتانەیە لە بیر و زەینی دێسپۆتیسـیمی خۆیاندا ناسـڕنەوە و ترسـی گەورەیـان بەش بەش بوونـی ئێران و جیابوونەوەی ئیتنیکە ژێردەستەکانی جۆغرافیای کۆلۆنیالیزمی فارسـی/ئێرانییە. ئـەو بۆچوونانە هەمووی سەرچاوە گرتووی پەروەردەی سەقەتی بەربەریسمی ئیدەئالیستانەیە.

دیـارە پـەروەردەی سـەقەتی ئێرانـی لە خزمـەت کلتـووری فارس و دژبـەری کلتوور و زمانـی کـوردی و باقی نەتەوەکانـی ئێرانە، تا زەمانێکی کە ڕەگەزپەرەسـتی و سـێبەری تێئۆکراسـیزم لەسـەر پەروەردە نەڕەوێتەوە و ئایدیای «چەوسێنەر و چەوساوە» بەسەر ئێراندا حاکمە، هیچ برایەتی و خزمایەتییەک، کەلێنی نێوان کورد و فـارس خۆش ناکاتەوە وتەبایی و ڕەبایی نایەتە ئاراوە.

بـە و هیوایەی پەروەردە لە سـەر بنەمای سێکۆلاریسـم و پڕاگماتیسـم دابمـەزرێ، بە پێداگووژییەکـی ڕەخنـە گرانـەوە. چونکـە سێکۆلاریسـم، سـڕینەوەی پیرۆزایەتییـە لە دەسـەڵات، لابردنی سـێبەری ئایینسالارییە، چونکـە یەکەم هەنگاوی شۆڕشـی فەرانسـە، چەسـپاندنی پەروەردەیەکـی سـێکۆلار بوو. پڕاگماتیسـم کەشـی ئـازاد و بەرفراوانـی گەرەکە.

## ژێدەرەکان


١. امیل: ژان ژاک رۆسو. مترجم: غلامحسین زیرک زاده.
٢. قرارداد اجتماعی: ژان ژاک رۆسۆ. مترجم : مرتضی کلانتری.
٣. پداگۆژی ستمدیدگان: پائول و فریره. مترجم: احمد بیرشک.
٤. پداگۆژی برای رهایی: پائول و فریره. مترجم: حسام حسین زاده.
٥. کرد وکردستان: وایسیلی نیکیتین.